# ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل له‌ هه‌رێمی كوردستانی عێراق له‌ ساڵی ٢٠١٨

**م.شاد حمید محمد**

بەشی جوگرافیا کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان

سیدصادق - زانکۆی سلێمانی

Shad.rasul@univsul.edu.iq

**پوختە**

درێژبوونه‌وه‌ی شـێوازی ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل له‌ ناوچه‌كه‌دا ده‌رئه‌نجامی تێپه‌ ڕبوونیه‌تی به‌چه‌ند قۆناغێكی جۆراوجۆردا هه‌ریه‌ك له‌م قۆناغه‌نه‌ كه‌م تا زۆر كاریگه‌ریان هه‌بووه‌ له‌سـه‌ر گه‌شـه‌كردنی ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل له‌ ناوچه‌كه‌دا، بێگومان ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل له‌ ناوچه‌كه‌دا له‌ ڕووی دروستبوون و گه‌شه‌كردن و شـێوازه‌كانیه‌وه‌ له‌ ژێر كاریگه‌ری یاساكانی وولآتی عێراقدابووه‌ به‌وپێیه‌ی هه‌ر له‌سه‌ره‌تای دروستبوونی ئه‌م جۆره‌ی گواستنه‌وه‌ تاكو ئێستا ئه‌م هه‌رێمه‌ به‌شـێكه‌ له‌عێراق. بۆیه‌ ده‌بینین گه‌شـه‌كردنه‌كه‌ی به‌شـێوه‌یه‌كی باش نیه‌ به‌هۆی بارودۆخی سیاسـی و سه‌ربازی ناوچه‌كه‌. له‌ ڕووی شێوازی دابه‌شبوونیه‌وه‌ به‌هه‌مان سیستمی دابه‌شبوونی وولآتی عێراقه‌ به‌لآم تاكو ئێستا ئه‌م هه‌رێمه‌ ڕێگای خێرای تیادا نابینرێت له‌ كاتێكدا له‌ عێراقدا بوونی هه‌یه‌. له‌م توێژینه‌وه‌یه‌دا باس له‌ دابه‌شـبوونی جوگرافی ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل ده‌كه‌ین (سـه‌ره‌كی، لاوه‌كی) له‌ چه‌ند ڕوویه‌كه‌وه‌ به‌راوردكاری ده‌كه‌ین له‌سـه‌ر ئاسـتی یه‌كه‌ كارگێ ڕییه‌كانی ناوچه‌ی لێكۆڵینه‌وه‌ (پارێزگا)، تا بتوانین ڕاده‌ی جیاوازی ئه‌م دابه‌شبوونه‌ بخه‌ینه‌ ڕوو.

**الملخص**

ان امتداد مسار واشكال طرق السيارات في المنطقة هو نتيجة عبورها بمراحل متعددة ، كل مرحلة من هذه المراحل كانت لها دور في تطور وازدهار طرق السـيارات في المنطقة .دون اي شـك فان هذه الطرقات من حيث بداياتها وبناءها كانت جزء من مشـاريع الدولة العراقية حسـب قوانينها وتوصـياتها باعتبار ان هذه الطرقات في الاقليم ولحد الان جزء من العراق ، لهذا نرى ان ازدهار وتطور الطرقات لم تتم بشـكل جيد وناجح بسـبب المناخ السـياسـي والعسـكري في المنطقة .

ومن حيث اشـكال توزيع الطرق مطابقة لتوزيع الطرق في بقية المناطق العراقية ، ولكن ولحد الان ليس هناك طرق سريعة في الاقليم في حيث يتواجد هذه الطرقات في المناطق العراقية .

في هذه الدراسـة نتحدث عن التوزيع الجغرافي لطرق السـيارات ( الرئيسـية والفرعية ) في عدة نواحي ونقارن بين الوحدات الادارية لمنطقة الدراسة ( المحافظة ) في عدة نواحي ، لنتمكن من اظهار الاختلافات في هذه التوزيعات .

من خلال نقل هذه التطور الذي كوردستان شهدها قطاع النقل في اقليم كوردستان جاء دراستنا لتناول قطاع النقل في اقليم و تأثيرها علي التنمية والتطور و الاقتصادي في الاقليم.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**Abstract**

The extension of the path and forms of motorways in the region is the result of crossing multiple stages, each of these stage had a role in the development and prosperity of motorways in the region. Without any doubt, these roads in terms of their beginnings to its laws and recommendation, given that Theses roads are in the region and so far are part of Iraq, so we see that the prosperity and development of the roads has not been well and successful due to the political and military climate in the region.

In terms of forms of road distribution, are identical to the distribution of roads in the rest of the Iraqi regions, but so far there are no highways in the region in which these roads are located in the Iraq regions.

In this study, we talk about the geographical distribution of motorways (main and subsidiary) in several areas, and we compare the administrative units of the study area (governorate) in several areas, so that we can show the difference in these distributions.

**پێشەکی:**

چالاکی گواستنەوە بە بڕبڕەی پشتی چالاکییەکانی ئابووری و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری دادەنرێت. ڕۆڵی شادەمار دەبینێ بۆپێکهاتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری وبەکاربردن چونکە کۆنترۆڵی تێچوونی گواستنەوە وتێچوونی شمەك و خزمەتگوزاری دەکات لەمیانەی دابینکردنی پرۆژەی ئابووری و دیاریکردنی قازانج. سەبارەت بە گرنگی گواستنەوە بۆ پەرەپێدانی هەرێمی بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك پێیان وایە گواستنەوە تەنها گرنگ نییە بەڵکو شادەماری ژیانە بەتایبەت بۆ گواستنەوەی مادەی سەرەتای و دەستی کار و ووزە بۆ هەموو جۆرەکانی چالاکی ئابووری و خزمەتگوزاری،بەجۆرێك گواستنەوە هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە تاکوو ئێستا هۆکارێکی سەرەکی و بنچینەییە لەنێوان کەرتە جیاوازەکان و سەنتەری بازا ڕەکاندا کاردەکاتە سەر پێکهاتەی مرۆیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەشێکی بنە ڕەتیە لەلێکۆڵینەوە لە پەرەپێدانی هەر هەرێمێکی جوگرافیدا. بێگومان ئەم گرنگییە گەورەی گواستنەوە کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە هەرچەندە بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە تا ڕادەیەك گواستنەوە درەنگ گەیشتووە بە ناوچەکەو تاکوو ئێستاش بێبەشە لە گواستنەوەی شەمەندەفەر و جۆرەکانی تری گواستنەوەش بەتایبەت گواستنەوەی ئاسمانی و گواستنەوە بە بۆری زۆر درەنگتر بەبەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق پێیگەیشتووە. بەڵام هەموو ئەمانە ئەوە ناگەێنێت گواستنەوە ڕۆڵی خۆی نەبووە بەڵکو دەبینرێت ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم هەرێمە بەرەو پێش دە ڕوات بەتایبەت بەهۆی بەرەپێشچوون و جۆراوجۆری گواستنەوە لە ناوچەکەدا. لەم توێژینەوەدا مەبەستمانە دابەشبوونی جوگرافی بۆ ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بکەین واتە ئەو ڕێگایانەی ناوەندی پارێزگا و قەزا و ناحیە و شار و شارۆچکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە پاشان بەراوردکاری ڕێگاکان بکەین لەسەر ئاستی یەکە کارگێ ڕییەکان (پارێزگا) لە ڕووی درێژی و جۆری ڕێگاو و ڕوداوەکانی هاتووچۆ و قوربانیانی ڕوداوەکان و چ ڕی ڕێگا (ڕوبەر، دانیشتوان)...


**چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە:**

مەبەست لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خۆدەگرێت(واتە ئەو پارێزگاو ئیدارانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان)دان، لە هەر یەك لە پارێزگاکانی هەولێر و

دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان پێكهاتووە، واتە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە سنووری پارێزگاكانی نەینەوا و سەلاحەین و كەركوك و دیالە لە خۆناگرێت[1].

لە ڕووی شـــوێنی جوگرافیەوە هەرێمی كوردســـتانی عێراق دەكەوێتە باكوور و باكووری خۆرهەڵاتی عێراق ، سـنووری هاوبەش پێكدەهێنێت لەگەڵ وولاتی ئێران لەخۆرهەڵاتەوە و وولاتی توركیا لە باكوور و وولاتی سـووریا لە خۆرئاوا، لە باشوورەوەش سنووری لەگەڵ ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هەیە.ئەمەش هۆكارێكی یاریدەدەرە بۆ دروســتبوونی پەیوەندیی ئاڵوگۆ ڕكردن. لە ڕووی شــوێنی ئەســترۆنۆمیەوە، دەكەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٤،١٥°-٣٧،٢٢°)باكوور و لە نێوان هەردوو هێڵی درێژی (٤٠،٢٠°-٤٦،٢٠°) ڕۆژهەلات. واتە دەكەوێتە باشووری ناوچەی ئاووهەوای مامناوەندی باكوورەوە. (نەخشەی ١).

كەواتە وەك لە نەخشەكەدا دەبینین هەرێمی كوردستان ناوچەیەكی داخراوە واتا نەگەیشتووە بەدەریا و زەریاكان بۆیە تەنها گواســتنەوە لەم هەرێمەدا گواســتنەوەی ووشــكانی و ئاســمانییە واتە گواســتنەوەی ئاووی بوونی نیە لە هەرێمەكەدا.




نەخشەی ژمارە (١) شوێنی جوگرافی ناوچەی لێكۆڵینەوە

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

١- هۆشیار محمد امین خۆشناو، هاشم یاسین حداد، سردار محمد عبدالرحمن، نەخشەی هەرێمی كوردستانی عێراق، هەولێر، ٢٠٠٧، پێوەر ١:١٠٠٠٠٠٠.

٢- ئەحمەد ڕەفیق كەریم، ناوچە داب ڕاوەكانی هەرێمی كوردستان (لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا)،چ١، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٦٤.

---

(١)بۆ زیاتر وەرگرتنی زانیاری بروانە:

١-أقلیم كردستان-عراق، رئاسە مجلس الوزراء، وزارە التخطیط،هیئە أحصاء أقلیم، مجموعە الآحصائیە رقم (١)لسنە ٢٠٠٧، منشورە، ص٧.

٢-پوختەیەك دەربارەي هەرێمی كوردستان. http://cabinet.gov.krd/

**چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە:**

کاتی توێژینەوەکەمان ساڵی (٢٠١٨) واتە هەموو ئەو داتایانەی وەرمانگرتووە تایبەتە بەو ساڵە.

**هۆکارە پاڵنەرەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە:**

هۆکاری سـەرەکی هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ دیاریکردنی ڕێگا سـەرەکییەکانی گواسـتنەوەی ئۆتۆمبێلە لە هەرێمی کوردسـتانی عێراقدا. پەیوەندی ئەم جۆرەی گواسـتنەوە بە ڕودەواکانی هاتووچۆ و ژمارەی دانیشـتوان و ڕووبەری یەکە کارگێ ڕەکانی ناوچەکە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

دیاریکردنی کێشـەی توێژینەوە یەکێکە لە هەنگاوە سـەرەکییەکانی توێژینەوەی جوگرافی کە بەهۆیەوە توێژەر دەگات بەدەرئەنجامی وورد بۆ بابەتی توێژینەوەکە، دانانی چارەسـەری پێشبینکراو بۆ ئەم کێشانە. دەتوانین کێشـەی توێژینەوەکە بخەینە ڕوو:

-ئایا هاوسەنگی هەیە لە دابەشبوونی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی بڕ و ڕودانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ و چ ڕیان بەپێی ڕوبەر و ژمارەی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێ ڕییەکان؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

بریتییە لە چارەسەرکردنی سەرەتای پێشبینیکراو بۆ کێشەکانی توێژینەوەکە، کە توێژەر دەتوانێت لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی بەدەستیهێناوە لەسەر بابەتی توێژینەوەکە بیخاتە ڕوو. گریمانەکانیش بریتیین:

-هەموو یەکە کارگێ ڕیەکانی هەرێمی کوردسـتانی عێراق ڕێگای ئۆتۆمبێلیان تیادایە بەڵام بەپ ڕی جیاواز لە ڕوی درێژی و ڕودانی ڕوداو لەسەر ئەم ڕێگایانەو چ ڕیان.

**گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:**

نەبوونی داتای پێوسـت لەسـەر جۆرەکانی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل هەر لەبەر ئەوەیە توێژەر ناچار بووە تەنها دوو جۆر ڕێگای ئۆتۆمبێل وەربگرێت.

**متیۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا متیۆدی شیکاری و بەراوردکاریمان بەکارهێناوە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا باس لە چەند بابەتێك دەکەین، هەر بۆیە توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ حەوت باس، باسی یەکەم شێوازەکانی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە یەکە کارگێ ڕییەکانیهەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨دا و باسی دووەم: جۆرەکانی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە یەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردسـتان (بەپێی ژمارەی سـاید) لە سـاڵی ٢٠١٨دا و باسـی سـێیەم: ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە یەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردسـتان لە سـاڵی ٢٠١٨ و باسـی چوارەم: ژمارەی قوربانیانی ڕوداوەکانی هاتووچۆ بە گوێرەی یەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردسـتان لە سـاڵی ٢٠١٨دا و باسـی پێنجەم: جۆری هۆکارەکانی ڕوداوەکانی هاتووچۆ بە گوێرەی یەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردسـتان لە سـاڵی ٢٠١٨دا و باسی شەشەم: شێوازی دابەشبوونی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی ژمارەی دانیشتوان یەکە کارگێ ڕییەکان لە سـاڵی ٢٠١٨دا و باسـی حەوتەم: دابەشـبوونی جوگرافیی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردسـتان بەپێی ڕووبەری یەکە کارگێ ڕیەکان لە ساڵی ٢٠١٨ . لە کۆتایدا دەگەین بەچەند ئەنجامێك و ئاماژە بەچەند پێشنیارێکیش دەدەین.

**باسی یەکەم: شێوازەکانی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە یەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨دا**

ڕێگای ئۆتۆمبێل یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان کەدەبێتە هۆی زیادبوونی پەیوەندی نێوان هەرێمی ژیارییەکان.لە ڕێگەیەوە مرۆڤ و شـمەکەکان دەگوێزرێنەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر. خزمەتی هەموو چالاکییە ئابووری و خزمەتگوزاری و چالاکییە مرۆییە جیاوازەکان دەکات[٢].

ئەم جۆرە کۆنترین گواســـتنەوەیە لە هەرێمی کوردســـتاندا، مێژووەکەی دەگە ڕێتەوە بۆ کۆتای چارەکی یەکەمی ســـەدەی بیســـتەمکاتێك بەریتانیەکان دوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕێگای هاملتۆنیان دروســـتکرد لە ناوچەکەدا[٣]، بەردەوام گەشـەیکردووە بەپێی ئەو قۆناغە جۆربەجۆرانەی ناوچەکە بەخۆیەوە بینیووە لە ڕووی سـیاسـی و ئابووری هەروەها سـروشـتی جوگرافیای ناوچەکەش ڕۆڵێکی سـەرەکی هەبووە لەسـەر گەشـەکردن و شـێوازی درێژبوونەوەی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەتایبەت تۆبۆگۆافیا، لەم بەشـەدا گرنگی دەدەین بە شـێوازی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل و دابەشـبوونی جوگرافیان بەسەر یەکە جوگرافیە جیاوازەکاندا*.

درێژبوونـەوەی شـــێوازی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێـل لـە ناوچـەکـەدا دەرئـەنجامی تێپـە ڕبوونیـەتی بـەچـەنـد قۆنـاغێکی جۆراوجۆردا هەریەك لەم قۆناغەنە کەم تا زۆر کاریگەریان هەبووە لەســـەر گەشـــەکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەکەدا، بێگومان ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەکەدا لە ڕووی درووسـتبوون و گەشـەکردن و شـێوازەکانیەوەوە لە ژێر کاریگەری یاساکانی وولاتی عێراقدابووە بەوپێیەی هەر لەسەرەتای درووستبوونی ئەم جۆرەی گواستنەوە تاکو ئێستا ئەم هەرێمە بەشـێکە لەعێراق. بەلآم دەبینین گەشـەکردنەکەی بەشـێوەیەکی باش نیە بەهۆی باروودۆخی سـیاسـی و سـەربازی ناوچەکە. لە ڕووی شـێوازی دابەشـبوونیەوە وەك پێشـتر ئاماژەمان پێدا بەهەمان سـیسـتمی دابەشـبوونی وولاتی عێراقە بەلآم تاکو ئێسـتا ئەم هەرێمە ڕێگای خێرای تیادا نابینرێت لە کاتێکدا لە عێراقدا بوونی هەیە. شـێوازی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل دابەشدەبن بەم شێوەی خوارەوە:

١- ڕێگای سەرەکی: ڕێگای سەرەکی بەب ڕب ڕەی پشتی تۆ ڕی ڕێگای نێودوڵەتی دادەنرێت دەبێتە هۆی بەستنەوەی هەرێمەکانی وولاتێك بەیەکتری و هەروەها گەیاندنیان بە وولآتانی دراوســـێ[٤].ئەم جۆرە ڕێگایە بەوە جیادەکرێتەوە دەبێتە هۆی بە یەکتر بەســـتنەوەی مەڵبەندی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکانی دەورو بەری، کە لە مەڵبەندی پارێزگاکەوە دەردەچێت بەرەو شــوێنەکانی تر، پانییەکەی (٣٠)م بە بەربەســتی ناوەندەکەیەوە و خێرای تیادا (١٠٠)کم/ کاتژمێرە[٥]، ئەم جۆرەی ڕێگاوبان بەوە جیادەکرێتەوە کە جیاوازی هەیە بە هۆی چینەکانی ســـەرەوەی و فراوانییەکەی کەمترە بەبەراورد لەگەڵ ڕێگای خێرا کە ئەم جۆرەیان لە دەڤەری لێکۆڵینەوەو هەرێمی کوردســـتان بەدی ناکرێت، زۆر جار فراوانیەکەی بۆ دوو ئۆتۆمبێل دەبێت. ناوەندی جموجۆڵ و هاتوچۆکردنی ئۆتۆمبێل ڕۆژانە دەگاتە نزیکەی (١٠٠٠-٣٠٠٠)

---

(٢)احمد صالح عبدالله، أثر الطرق البريه في نمو المستوطنات في محافظه نينوى، رساله ماجستر، جامعه بغداد، كليه التربيه، قسم جغرافيه، ١٩٨٨، ص١.

(٣)جەزا توفيق طالب، المقومات الجيوپۆلوتيكيه للآمن القومي في أقليم كردســتان عراق،گ١، مركز دراســات الآســتراتيجيه، ســليمانيه،٢٠٠٥، ص٣٥٣.

(*) لێرەدا باس لە ڕێگاي خێرا ناکەین بە هۆي نەبووني ئەم جۆرە ڕێگایەوە لە هەرێمي کوردستاندا، هەروەها باس لە ڕێگای کشتوکاڵی ناکەین بەهۆي نەبووني داتاي پێویست.

(٤)هشام صلاح محسين البياتي، النقل في محافظه واسط واثره في التنميه الآقليميه، رساله ماجستر، جامعه مستنصريه، كليه الآداب، قسم الجغرافيه، ٢٠٠٢، ص١٦١.

(٥)محمد ازهر السماك و أخرون، جغرافيه النقل، گ١، دار بن الأثير، موصل، ٢٠٠٨، ص١٧٨.

ئۆتۆمبێل لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا. ئەم ڕێگایە لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت کە سەرجەم ڕێگاکان لە هەولێری پایتەختی هەرێم کۆدەبێتەوەو بە ب ڕب ڕەی پشتی تۆ ڕەکانی ڕێگاوبانی وشکانی دادەنرێت[٦]. هەروەها ئەم جۆرەی ڕێگایە سەنتەری پارێزگاکان و هەندێك لە سەنتەری قەزا و ناحیەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەگەڵ ئەو ڕێگایانەی بۆ وولاّتانی دراوسێ و پارێزگاکانی تری باشوری کوردستان دە ڕۆن کۆی درێژی ئەم ڕێگایانە (١٩٥٤)کم ڕێژەی (٣٤،٩٪) ڕێگاکانی هەرێمی کوردستان پێکدێن بڕوانە خشتەی ژمارە (١)، ئەمەش بە دووەم درێژترین ڕێگا دادەنرێت لەهەرێمدا بۆ بەستنەوەی سەنتەری ژیارییە سەرەکییەکان لە ناوچەکەدا. ئەم ڕێگایە لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە بەلاّم بەبڕی جیاواز.

ئەم جۆرە ڕێگایە بە ڕێژەی جیاواز دابەشبووە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا زۆرترین بڕی ئەم ڕێگایە دەکەوێتە پارێزگای هەولێرەوە بە بڕی (٧١١)کم و ڕێژەی (٣٦،٤٪)کۆی ڕێگاکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هۆکاری ئەمەش دەگە ڕێتەوە بۆ ئەوەی هەولێر پایتەختە، پایتەختیش سەنتەری بەستنەوەی هەموو پارێزگاکانە بۆیە ئەمە شتێکی ئاساییە کە بڕی ڕێگاکان لە پایتەختەکاندا زۆرتربن، بە پلەی دووەم و سێیەم پارێزگاکانی دهۆك درێژی ڕێگاکانی (٥٦٢)کم و ڕێژەی (٢٨،٨٪)کۆی ڕێگاکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی درێژی ڕێگاکانی (٥٥٣)کم و ڕێژەی (٢٨،٤٪)کۆی ڕێگاکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە ئەم دوو برەش نزیکن لەیەکەوە چونکە هەردوو پارێزگاکە بریتین لە پارێزگا گەورەکانی هەرێمەکە و هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم هەرێمەوە بوونیان هەیە. ئیدارەی گەرمیان ب ڕی ئەم جۆرە ڕێگایە (١٠٣)کم و ڕێژەی (٥،٢٪)کۆی ڕێگاکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان واتە بە پلەی چوارەم دێت، بە پلەی پێنجەم پارێزگای هەڵەبجە دێت بە بڕی (٢٥)کم و ڕێژەی (١،٢٪)کۆی ڕێگاکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هۆکاری کەمی ئەم برەش دەگە ڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم پارێزگایەکی نوێیە و پێشتر تەنها قەزایەك بووە. بڕوانە شێوەی ژمارە (١).

٢- ڕێگای لاوەکی: بریتییە لەو ڕێگایانەی کە لە ڕێگا سەرەکییەکان دەبێتەوەو دەبێتە هۆی بە یەکتر بەستنەوەی قەزاو ناحیەکان کە دەکەوێتە ئەم لاو ئەو لای ڕێگا سەرەکیەکان ئەم جۆرە ڕێگایە بەوە جیا دەکرێتەوە کە لق و پۆپی لێدەبێتەوە بۆ خزمەت کردنی دەڤەری قەزاکان و مەڵبەندە کشتوکاڵی و شوێنە گەشتیاری و مێژووییەکان. بڕی خەرجی تێچوونی دروست کردنی ئەم جۆرەی ڕێگاوبان کەمترە بە بەراورد لەگەڵ ڕێگاکەی پێشوو لە ڕووی فراوانی و ئەستووری چینی سەرەوەو خوارەوەی ڕێگاکە[٧].

لە هەرێمی کوردستان زۆرترین جۆری ڕێگا لەم جۆرەیە بۆ بەستنەوەی سەنتەری قەزا و ناحیە و شارەکان، ئەم جۆرە ڕێگایە لە جۆری ڕێگاکەی تر پانییەکەی کەمترەو چ ڕی هاتووچۆی تیادا کەمترە. ب ڕی ئەم ڕێگایە لە پارێزگاکەدا (٣٦٣٨)کم و ڕێژەی (٦٥،١٪)ی ڕێگاکانی هەرێمی کوردستان پێکدێنێن. دابەشبوونی جوگرافی ئەم ڕێگایانە لەسەر ئاستی پارێزگاکان جیاوازە زۆرترین بڕ لە پارێزگای هەولێرە بە ب ڕی (١٣٥٠)کم و ڕێژەی (%,٣٧)واتە بەپلەی یەکەم دێت پاشان پارێزگای سلێمانی دێت بە ب ڕی (١٠٦١)کم و ڕێژەی (٢٩،٢٪) پارێزگای دهۆك ب ڕەکەی زۆر کەمتر نییە لە پارێزگای سلێمانی بە پلەی سێیەم دێت بەب ڕی (٩٤٨)کم و ڕێژەی (٢٦٪) کۆی ڕێگاکانی پارێزگاکەیە، بەپلەی چوارەم

---

(٦)محمد زاهیر سادق، شیکردنەوەیەکی جوگرافی ڕێگاوانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی زانستە کۆمەلاّیەتییەکان، بەشی جوگرافیا، ل٥٠.

(٧)هەمان سەرچاوە، ل٥٥.

ئیدارەی گەرمیان دێت بە ب ڕی (٢٢٩)كم و ڕێژەی (٦،٣٪) و بەپلەی پێنجەم پارێزگای هەڵەبجە دێت بە ب ڕی (٥٠)كم و ڕێژەی (١،٤٪)ی ڕێگاكانی هەرێمەكە.


خشتەی ژمارە (١)

درێژی و ڕێژەی جۆری ڕیگاكانی ئۆتۆمبیل لە یەكە كارگێڕییەكانی هەرێمی كوردستان

| جۆری ڕێگا / كم | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | هەڵەبجە | گەرمیان | كۆ | ڕێژە (%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێگای سەرەكی | ٧١١ | ٥٦٢ | ٥٥٣ | ٢٥ | ١٠٣ | ١٩٥٤ | ٣٤،٩ |
| ڕێژە (%) | ٣٦،٤ | ٢٨،٨ | ٢٨،٤ | ١،٢ | ٥،٢ | ١٠٠ | |
| ڕێگای لاوەكی | ١٣٥٠ | ٩٤٨ | ١٠٦١ | ٥٠ | ٢٢٩ | ٣٦٣٨ | ٦٥،١ |
| ڕێژە (%) | ٣٧،١ | ٢٦ | ٢٩،٢ | ١،٤ | ٦،٣ | ١٠٠ | |
| كۆ | ٢٠٦١ | ١٥١٠ | ١٦١٤ | ٧٥ | ٣٣٢ | ٥٥٩٢ | ١٠٠ |
| ڕێژە (%) | ٣٦،٩ | ٢٧ | ٢٨،٩ | ١،٣ | ٥،٩ | ١٠٠ | |

سەرچاوە: كاری تویژەران بە پشت بەستن بە:

هەرێمی كوردستانی عێراق، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، بە ڕێوەرایەتی ڕێگاوبانی سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠١٨، داتای بلآونەكراوە.




نەخشەی ژمارە (٢)

ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا


سەرچاوە: كاری تویژەر بە پشت بەستن بە:

١- نەخشەی ژمارە (١).

٢- هەرێمی كوردستانی عێراق، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، بە ڕێوەرایەتی ڕێگاوبانی سلێمانی، بەشی GIS، داتای بلآونەكراوە.

شێوەی ژمارە (١)

جۆری ڕێگاكانی ئۆتۆمبیل لە یەكە كارگێڕییەكانی هەرێمی كوردستان




سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بستن بە: خشتەی ژمارە (١).

**باسی دووەم: جۆرەكانی ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی كوردستان (بەپێی ژمارەی ساید) لە ساڵی ٢٠١٨دا**

تاكە هۆكاری گواستنەوەی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل بوو تا كردنەوەی ف ڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، بەڵام تاكوو ئێستاش تەنها هۆكاری گواستنەوەی ناوخۆی دانیشتوانی هەرێمی كوردستانە، چونكە هیچ گواستنەوەیەكی تر بوونی نییە لە ناوچەكەدا بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان لە ناوخۆدا. هەر ئەم هۆكارەش وایكردووە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەكەی ڕوو لە زیادبوون بكات.بەڵامدەبینین تاكو ئێستا وەك پێویست بە ستاندار دروستنەكراون چونكە وەك دەزانرێت ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل بەپێی جۆرەكەی پانیەكەی و ژمارەی سایدەكانی دیاریدەكرێت بەڵام لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا بەهۆی بوونی هۆكارە سیاسی و ئابووری و سروشتییەكان...هتد جۆری ڕێگاكان بەپێی پێویست دروستنەكراون هەربۆیە زۆرێك لە ڕێگا سەرەكییەكان تاكو ئێستاش یەك سایدن. بێگومان ئەمەش كاریگەری خۆی هەیە لە ڕووی قەرەباڵغی و ڕوودانی ڕوداوەكانی هاتوچۆوە چونكە ڕێگای (٤) سایدی سەلامەتر نییە لە ڕێگای (٢) سایدی بەڵام ئەگەر لە ڕێگایەكی تەسكدا لێبخو ڕیت مەترسی پێشهاتی ڕوداو زیاتر دەبێت بەتایبەت لەو ڕێگایانەی كە قەراغی ڕێگا دروست نەكراوە و شوفێر بە ئارەزوی خۆی دێتەوە سەر ڕێگا سەركییەكان بتایبەت ڕێگا یەك سایدەكان[٨]. بۆیە لێرەدا بەباشمانزانی دابەشبوونی جوگرافی و ب ڕی ڕێگاكان دیاریبكەین بەپێی ژمارەی سایدەكان لە ناوچەكەدا:

١- ڕێگای دوو ساید: بریتییە لەو ڕێگایانەی كە پێكدێن لە دوو ساید سایدێكی هاتن و سایدێكی ڕۆشتن هەر سایدە دوو ڕێڕەوی هەیە لەگەڵ بەربەستێكی ناوەند، ئەم جۆرە ڕێگایەلە هەرێمی كوردستاندا برەكەیان كەمە كۆی درێژی ئەم ڕێگایانە (٤٩٩)كم و ڕێژەی (٩٪)ی ڕێگاكانی هەرێمی كوردستان پێكدەهێنێت، هەرچەندە بڕیار وابوو هەموو ڕێگە

(٨) حكومەتي هەرێمي كوردستان، وەزارەتي ناوخۆ، بەڕێوبەرايەتي گشتي هاتوچۆ، ڕێبەري ئۆتۆمبيل لێخورين، و: هەڵكەوت عبداللە، چاپخانەي حەمدى، ٢٠٠٦، ل٥٥.

سـەرەکییەکان بکرێن بە رێگای دووسـاید و لە کاتی ئێسـتادازۆر لەم رێگایانە لە بواری جێبەجێکردندان بەڵام تا ئێسـتا برەکەیان کەمە.

زۆرترین بڕی ئەم جۆرە رێگایە لە پارێزگای هەولێرە بە ب ڕی (١٩٠)کم و رێژەی (٣٨٪)ی رێگاکانی

هەرێمی کوردستان بە پلەی دووەم پارێزگای سلێمانی بە بڕی (١٤٨)کم و رێژەی (٢٩،٧٪) و بە پلەی سێیەم پارێزگای دهۆك دێت بەب ڕی (١٢٦)کم و رێژەی (٢٥،٣٪)ی درێژی رێگاکان پێکدێنێتو بەپلەی چوارەم ئیدارەی گەرمیان دێت بەبڕی (٢٣)کم و رێژەی (٤،٦)کم و بەپلەی پێنجەم پارێزگای هەڵەبجە دێت بەبڕی (١٢) و رێژەی (٢،٤٪).

٢- رێگای یەك سـاید: بریتییە لەو رێگایانەی کە تەنها یەك سـایدن و دوو رێ ڕەوویان هەیە یەکێك بۆ هاتن یەکێك بۆ ڕۆیشـتن،ئەم رێگایانە لە هەرێمی کوردسـتاندا ب ڕەکەیان زۆرترە بەراورد بەجۆری یەکەم و کۆی درێژی ئەم رێگایانە (٥٠٩٣)کم و رێژەی (٩١٪)ی رێگاکانی هەرێمی کوردســتان پێکدەهێنێت، زۆرترین ب ڕی ئەم جۆرە رێگایە لە پارێزگای هەولێرە بە ب ڕی (١٨٧١)کم و رێژەی (٣٦،٧٪)ی رێگاکانی هەرێمی کوردستان بە پلەی دووەم پارێزگای سلێمانی بە بڕی (١٤٦٦)کم و رێژەی (٢٨،٨٪) و بە پلەی سێیەم پارێزگای دهۆك دێت بەبڕی (١٣٨٤)کم و رێژەی (٢٧،٣٪)ی درێژی رێگاکان پێکدێنێت و بەپلەی چوارەم ئیدارەی گەرمیان بە بڕی (٣٠٩)کم و رێژەی (٦٪) و بەپلەی پێنجەم پارێزگای هەڵەبجە دێت بەبڕی (٦٣) و رێژەی (١،٢٪).

خشتەی ژمارە (٢)

رێگاکانی ئۆتۆمبیل بە پێی ژمارەی سایدلەیەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردستان


| جۆری رێگا / کم | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | هەڵەبجە | گەرمیان | کۆ | رێژە (%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رێگای دوو ساید | ١٩٠ | ١٢٦ | ١٤٨ | ١٢ | ٢٣ | ٤٩٩ | ٩ |
| رێژە (%) | ٣٨ | ٢٥،٣ | ٢٩،٧ | ٢،٤ | ٤،٦ | ١٠٠ | |
| رێگای یەك ساید | ١٨٧١ | ١٣٨٤ | ١٤٦٦ | ٦٣ | ٣٠٩ | ٥٠٩٣ | ٩١ |
| رێژە (%) | ٣٦،٧ | ٢٧،٣ | ٢٨،٨ | ١،٢ | ٦ | ١٠٠ | |
| کۆ | ٢٠٦١ | ١٥١٠ | ١٦١٤ | ٧٥ | ٣٣٢ | ٥٥٩٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری تویژەران بە پشت بەستن بە:

هەرێمی کوردســتانی عێراق، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بە رێوەرایەتی رێگاوبانی ســلێمانی، بەشــی GIS، داتای بڵاونەکراوە.

شێوەی ژمارە (٢)

ڕێگاکانی ئۆتۆمبیل بە پێی ژمارەی سایدلەیەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بستن بە: خشتەی ژمارە (٢).

**باسی سێیەم: ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨**

ڕوداو پێشـــهاتێکە کە بەهۆیەوە زنجیرەیەك بەســـەرهات دێتە ئاراوە گەلێك جار پێکان یان مردن یاخود زیانی مادیی موڵك و ماڵی لێدەکەوێتەوە. هەروەها ڕوداو خەوشی یان مەسەلەیەکی کتوپ ڕە لەسەر شەقام یان پیادە ڕێ (شـــۆســـتە) ڕوودەدات کە تیایدا ئۆتۆمبێل لایەنی یەکەمە و مرۆڤی پێکراو یان موڵك و ماڵی زیانپێکەوتوو لایەنی دووەمە[٩].ژمارەی ڕوداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨دا جیاوازە:

١- زۆرترین ڕوداو لە پارێزگای سلێمانیی بە ب ڕی (١٧٢٩) ڕوداو ڕێژەی (٣٨٫٦٪)ی ڕوداوەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە لە ماوەی یەك ساڵدا هۆکاری ئەمەش دەگە ڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕوداوەکانی پارێزگای هەڵەبجەش لەگەڵ ئەم پارێزگایەدا ئەژمارکراوە.

٢- بە پلەی دووەم پارێزگای هەولێر دێت بە ب ڕی (١٣٣٣) ڕوداو و ڕێژەی (٢٩٫٧٪)کۆی ڕوداوەکان لەم پارێزگایەدایە واتا نزیکی سێ یەك، چونکە پارێزگای هەولێر زۆرترین ب ڕ ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلی تیادایە.

٣-بە پلەی سێیەم پارێزگای دهۆك دێت بەبڕی (١٠٩١) ڕوداو و ڕێژەی (٢٤٫٤٪)کۆی ڕوداوەکان لەم پارێزگایەدایە واتا نزیکی یەك لەسەر چوار، چونکە پارێزگای دهۆك بڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلی تیادایە بە پلەی سێیەمە.

٤-بە پلەی چوارەم ئیدارەی گەرمیان دێت بەبڕی (٣٢٣) ڕوداو و ڕێژەی (٧٫٣٪)کۆی ڕوداوەکان لەم ئیدارەیەدا واتا نزیکی ســێ یەك، دەبینین بڕەکەی زۆر کەمی کردووە بەراورد بە پارێزگاکانی تر چونکە ئەم ئیدارەیە کەمترین بڕ ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلی تیادایە.

---

(٩)شاد حمید محمد، ڕوداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانیدا،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ذمارە سێ، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٥، ل٢٨٧-٢٨٨.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کەواتە دەبینین پارێزگای سـلێمانی زۆرترین ڕوداوی هەیە لە کاتێکدا بەپلەی دووەم دێت لە ڕووی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلەوە هەر یەك لە یەکە کارگێ ڕییەکانی تر تا ڕادەیەك هاوسـەنگی هەیە لە نێوان ب ری ڕێگاکای ئۆتۆمبێل و ڕوداوەکانی هاتووچۆدا.

خشتەی ژمارە (٣)

ژمارەی ڕوداوەکانی هاتووچۆ لەیەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨دا


| پارێزگا | هەولێر | دهۆك | سلێمانی* | گەرمیان | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی ڕوداو | ١٣٣٣ | ١٠٩١ | ١٧٢٩ | ٣٢٣ | ٤٤٧٦ |
| ڕێژە (%) | ٢٩،٧ | ٢٤،٤ | ٣٨،٦ | ٧،٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری تویژەران بە پشت بەستن بە:

هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی ئاماری ڕوداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨، ٢٠١٩، داتای بڵاوکراوە.

شێوەی ژمارە (٣)

ژمارەی ڕوداوەکانی هاتووچۆ لە یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بستن بە: خشتەی ژمارە (٣).

**باسـی چوارەم: ژمارەی قوربانیانی ڕوداوەکانی هاتووچۆ بە گوێرەییەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردسـتان لە ساڵی ٢٠١٨دا**

بێگومان ڕوداوەکانی هاتووچۆ تەنها بە زیانی مادی کۆتایی نایەت بەڵکو هەندێکجار دەبێتە هۆی زیانی گیان لە دەسـتەدان و بریندواربوون، بەپێی ئامارە نێودەوڵەتییەکان، قوربانیانی هاتوچۆ لە جیهاندا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە بەپێی سـەرژمێری گشـتی ڕێکخراوی تەندروسـتی جیهانی (Who) کە پیوەسـتە بە بواری هاتووچۆ دەڵێت (لە سـاڵی ٢٠٠٠ نزیکەی (٧٠٠٠٠)کەس لە جیهاندا گیانیان لەدەسـتدا و زیاتر لە (٢٧)ملیۆن کەس کەمئەندام بوون، لە سـاڵی ٢٠٠٧ ژمارەی گیانلەدەسـتدان گەیشـتە (١٢٥٠٠٠)کەس) ئەمە دەمانگەێنێتە ئەوەیسـاڵآنە قوربانیانی هاتووچۆ ڕویان لە

(*) لێردا مەبەست لە ئارێزگاي سلێماني بريتييە لە ئارێزگاي سلێماني و ئارێزگاي هەڵەبجە چونكە تاوەكو ساڵي ٢٠١٤ ئارێزگاي هەڵەبجە بريتييووە لە قەزايەك سەر بە ئارێزگاي سلێماني هەر بۆيە كاتي توێذينەوەكەمان هێشتا فەرمانگەي هاتووچۆ لەم ئارێزگايەدا بووني نەبوو داتاكان لە ئارێزگاي سلێماني تۆمار دەكران.

زیادبوونە تێچوی ئابووری ئەم قوربانیانە (٦٥)ملیار دۆلارە[١٠]، هەرچەندە بیرۆکەی جیاواز هەیە بەپێی وولآتان و ڕێکخراوەکان سەبارەت بە گیان لە دەستدان بەهۆی ڕوداوەکانی هاتووچۆوە هەندێکیان تەنها ئەو کەسانە ئەژمار دەکەن کە ڕاستەوخۆ گیانلەدەستدەدات لە ڕوداوەکەدا و هەندێکی دیکەش ئەگەر بەرکەوتەکە تا ماوەی سێ ڕۆژ گیانی لەدەستدا هەر بە قوربانی ڕوداوەکانی هاتووچۆ ئەژماریدەکەن[١١]، ئەگەر تەماشای ب ڕی قوربانیان بکەین بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەبینین:

١-زۆرترین ژمارەی گیان لە دەستدان لە پارێزگای هەولێرە بەب ڕی (٢٧٣)کەس و ڕێژەی (٣٨،٧٪)ی گیانلەدەستانی ناوچەی لێکۆڵینەوە واتا زیاتر لە سێ یەکی گیانلەدەستان دەکەوێتە ئەم پارێزگایەوە بەلآم لە ڕوی ب ڕی بریندارونەوە بە پلەی دووەم دێت بەب ڕی (١٤٤٢)بریندار و ڕێژەی (٢٧،٩٪)ی کۆی بریندارانی هەرێمەکە ئەمەش ب ڕێکی کەم نییە نزیکەی سێ یەکی بریندارانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە.

٢-زۆرترین ژمارەی بریندار لە پارێزگای سلێمانییە بەب ڕی (٢٢٧٧)کەس و ڕێژەی (٤٤٪)ی بریندارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە واتا نزیکەی نیوەی بریندارانی ناوچەکە دەکەوێتە ئەم پارێزگایەوە بەلآم لە ڕوی ب ڕی گیانلەدەستدانەوە بە پلەی دووەم دێت بەب ڕی (٢٦٦)بریندار و ڕێژەی (٣٧،٧٪)ی کۆی گیانلەدەستدانی هەرێمەکە ئەمەش ب ڕێکی کەم نییە زیاترە لە سێ یەکی گیانلەدەستدانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە.

٣-پارێزگا دهۆك بەپلەی سێیەم دێت لە ڕوی ژمارەی گیانلەدەستدان و بریندابوونەوە، ژمارەی گیان لە دەستدان لە پارێزگای دهۆك بەب ڕی (١١٧)کەس و ڕێژەی (١٦،٦٪)ی گیانلەدەستانی ناوچەی لێکۆڵینەوە واتا بەلآم لە ڕوی ب ڕی برینداروونەوە ب ڕەکەی (١٠٧١)بریندار و ڕێژەی (٢٠،٧٪)ی کۆی بریندارانی هەرێمەکە ئەمەش ب ڕێکی کەمەبەراورد بە پارێزگاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە ڕاستە ب ڕی ڕێگا لەم پارێزگایەدا سێیەمە بەلآم ب ڕی قوربانیان ڕێژەکەی کەمترە بەراورد بەب ڕی ڕێگاکانی.

٤-کەمترین ژمارەی گیان لە دەستدان لە ئیدارەی گەرمیانە بەب ڕی (٤٩)کەس و ڕێژەی (٧٪)ی گیانلەدەستانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەلآم لە ڕوی ب ڕی بریندابوونەوە (٣٨٤)بریندار و ڕێژەی (٧،٤٪)ی کۆی بریندارانی هەرێمەکە ئەمەش ب ڕێکی کەمە چونکە ئەم ئیدارەیە کەمترین ب ڕی ڕێگای هەیە لە هەرێمەکەدا.

خشتەی ژمارە (٤)

ژمارەی قوربانیانی ڕوداوەکانی هاتووچۆ لە یەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨دا

| پارێزگا | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | گەرمیان | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| گیان لە دەستدان | ٢٧٣ | ١١٧ | ٢٦٦ | ٤٩ | ٧٠٥ |
| ڕێژە (%) | ٣٨،٧ | ١٦،٦ | ٣٧،٧ | ٧ | ١٠٠ |
| برینداران | ١٤٤٢ | ١٠٧١ | ٢٢٧٧ | ٣٨٤ | ٥١٧٤ |
| ڕێژە (%) | ٢٧،٩ | ٢٠،٧ | ٤٤ | ٧،٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری تویژەران بە پشت بەستن بە:


هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی ئاماری ڕوداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨، ٢٠١٩، داتای بلآوکراوە.

(١٠)سالار تحسين دري، دینگەي ترافيك،چاثخانەي ڕۆشنبيري، هەولێر، ل٧٩-٨٠.

(١١)سمير محمد غوييه، حوادث الگرق، دار الزهران، الآردن، ٢٠٠٨، ص٤٣.

خشتەی ژمارە (٤)

ژمارەی قوربانیانی ڕوداوەكانی هاتووچۆ لە یەكە كارگێڕییەكانی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠١٨دا




سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بستن بە: خشتەی ژمارە (٤).

**باسی پێنجەم: جۆری هۆكارەكانی ڕوداوەكانی هاتووچۆ بە گوێرەی یەكە كارگێڕ ییەكانی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠١٨دا**

مرۆڤەكان هەمیشە حەز بەگۆ ڕینی شوێنی ژیانیان دەكەن جا بۆ كاتی بێت یان هەمیشەیی بۆ هەر هۆكارێك بێت، كەواتە گواستنەوە بریتییە لە چالاكییەكی ئابووری كە بەهۆی جوڵەی مرۆڤەكان و شمەكەكان و... لە نێوان سەنتەری داواكاری و سـەنتەری خسـتنە ڕوودا جا ئەو ناوچانە ناوخۆی بێت یان نێودەوڵەتی بەبەكارهێنانی هۆكاری جۆراوجۆر[١٢].هۆكاری ڕودانی هەر ڕوداوێكی هاتووچۆ دەگە ڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك بەڵام مەرج نییە هۆكارەكان بەپێی پێویست لەبەرچاوبگرێن و تۆماربكرێن بەڵام سەرەكیترین هۆكارەكان بریتین لە:

١- هۆكاری پێكدادان سـەرەكیترین هۆكارە ئەمەش بریتییە لە پێكدادانی دوو ئۆتۆمبێل یان زیاتر لەسـەر ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا ب ڕەكەی (٢٧٠٧) ڕوداو بەهۆی ئەم هۆكارەوەیە كە ڕێژەی (٦٠.٥٪) ڕوداوەكان دەگرێتەوە واتە نزیكی دوو لەسەر سێ ئەمەش ب ڕێكی زۆرە.

٢- هۆكاری پێكدادان بە مرۆڤ لەسـەر ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا بەپلەی دووەم دێت ب ڕەكەی (١٠٠١) ڕوداو بەهۆی ئەم هۆكارەوەیە كە ڕێژەی (٢٢.٤٪) ڕوداوەكان دەگرێتەوە واتە نزیكی یەك لەسـەر چواری ڕوداوەكانە.

٣- هۆكاری وەرگە ڕان بە پلەی سـێیەم دێت هۆكارە ئەمەش بریتییە لە وەرگە ڕانی ئۆتۆمبێل لەسـەر ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا ب ڕەكەی (٧١٤) ڕوداو بەهۆی ئەم هۆكارەوەیە كە ڕێژەی (١٦٪) ڕوداوەكان دەگرێتەوە واتەب ڕەكەی كەمە بەراورد بە دوو هۆكارەكەی تر.

(١٢)حیدر حسن معروف، النقل البري الداخلي و الخارجي و زیاده فعالیته في التسویق السیاحي في القگر العربي السوري، رساله ماجستر، جامعه تشرین، كلیه الآقتصاد، قسم الاقتصاد و التخگیگ، ص٨.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٤- هۆکاری تر جیاواز لەوانەی سەرەوە کە لەسەر ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ڕوودەدەن ب ڕەکەی (٥٤) ڕوداو بەهۆی ئەم هۆکارەوەیە کە ڕێژەی (١،١٪) ڕوداوەکان دەگرێتەوە واتەب ڕێکی زۆر زۆر کەمە بەراورد بەو سێ هۆکارەی پێشتر.

٥- دەتوانین بڵێین زۆرترین هۆکارەکان بەپلەی یەکەم لە پارێزگای سـلێمانی و بە پلەی دووەم لە پارێزگای هەولێر و بەپلەی سـێیەم لە پارێزگای دهۆك و بەپلەی چوارەم لە ئیدارەی گەرمیانە هۆکاری ئەمەش دەگە ڕێتەوە بۆ ئەوەی ب ڕی ڕوداوەکان بەهەمان شێواز دابەشبوون لەسەر ئاستی پارێزگاکان.

خشتەی ژمارە (٥)

ژمارەی ڕووداوەکان بە پێی جۆری ڕوداوەکان بە گوێرەی یەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨دا


| پارێزگا | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | گەرمیان | کۆ | ڕێژە (%) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێکدادان | ٧٨٩ | ٧٢٧ | ١٠٠٦ | ١٨٥ | ٢٧٠٧ | ٦٠،٥ |
| ڕێژە (%) | ٢٩،١ | ٢٦،٩ | ٣٧،٢ | ٦،٨ | ١٠٠ | |
| وەرگە ڕان | ١٩٩ | ١١٨ | ٣٥٢ | ٤٥ | ٧١٤ | ١٦ |
| ڕێژە (%) | ٢٧،٩ | ١٦،٥ | ٤٩،٣ | ٦،٤ | ١٠٠ | |
| بەمرۆڤ | ٣١٥ | ٢٤٠ | ٣٦٢ | ٨٤ | ١٠٠١ | ٢٢،٤ |
| ڕێژە (%) | ٣١،٥ | ٢٤ | ٣٦،٢ | ٨،٤ | ١٠٠ | |
| هیتر | ٣٠ | ٦ | ٩ | ٩ | ٥٤ | ١،١ |
| ڕێژە (%) | ٥٥،٥ | ١١،١ | ١٦،٧ | ١٦،٧ | ١٠٠ | |
| کۆ | ١٣٣٣ | ١٠٩١ | ١٧٢٩ | ٣٢٣ | ٤٤٧٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری تویژەران بە پشت بەستن بە:

هەرێمی کوردسـتانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەسـتەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی ئاماری ڕوداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨، ٢٠١٩، داتای بلاَوکراوە.

شێوەی ژمارە (٥)

ژمارەی ڕووداوەکان بە پێی جۆری ڕوداوەکان بە گوێرەی یەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بستن بە: خشتەی ژمارە (٥).

**باسی شەشەم: شێوازی دابەشبوونی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی ژمارەی دانیشتوان یەکە کارگێڕییەکان لە ساڵی ٢٠١٨دا**

لێرەدا مەبەستمانە ژمارەی دانیشتوان باس بکەین بەراورد بە بە درێژی ڕێگاکانی لەسەر ئاستی پارێزگاکان، دەبینین چ ڕی گشتی ڕێگاکان (١)کم بۆ هەر (١٠٠٠)کەس ب ڕوانە خشتەی ژمارە (٦) بەلآم ب ڕەکەی دەگۆ ڕێت لەسەر ئاستی پارێزگاکان، ئیدارەی گەرمیان زۆرترین ب ڕی هەیە واتە بە پلەی یەکەم دێت بە ب ڕی (١،٢٧)کم ڕێگا بۆ هەر (١٠٠٠)کەس پارێزگای دهۆك بەپلەی دووەم دێت بە ب ڕی (١،٠٨)کم ڕێگا بۆ هەر (١٠٠٠)کەس و بە پلەی سێیەم پارێزگای هەولێر دێتبە ب ڕی (١،٠٣)کم ڕێگا بۆ هەر (١٠٠٠)کەس کە ئەم دوو پارێزگای ب ڕەکانیان لەیەکتریەوە نزیکن. بەپلەی چوارەم پارێزگای سلێمانی دێت بە ب ڕی (٠،٨٨)کم ڕێگا بۆ هەر (١٠٠٠)کەس ئەم ب ڕە کەم دەبێتەوە لە پارێزگای هەڵەبجە بە ب ڕی (٠،٦٧)کم ڕێگا بۆ هەر (١٠٠٠)کەس. ب ڕوانە شێوەی ژمارە (٦).

خشتەی ژمارە (٦)

درێژی و چڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠١٨

| پارێزگا | ژ.دانیشتوان | درێژی ڕێگا | چ ڕی ڕێگا (١کم/ ١٠٠٠کەس)* |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٩٨٦١١٣ | ٢٠٦١ | ١،٠٣ |
| دهۆك | ١٣٩٧٥١٥ | ١٥١٠ | ١،٠٨ |
| سلێمانی | ١٨٢٢٤٢٦ | ١٦١٤ | ٠،٨٨ |
| هەڵەبجە | ١١١٣٥٥ | ٧٥ | ٠،٦٧ |
| گەرمیان | ٢٦٠٤٠٦ | ٣٣٢ | ١,٢٧ |
| کۆ | ٥٥٧٧٨١٥ | ٥٥٩٢ | ١ |


سەرچاوە: کاری تویژەران بە پشت بەستن بە:

هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی ئاماری ژمارەی دانیشتوانی سەرجەم پارێزگا و قەزاکانی هەرێمی کوردستان بەپێی مەزەندی ساڵی ٢٠١٨داتای بلآوکراوە.

*چڕی ڕێگا= کۆی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل / ژمارەی دانیشتوان × ١٠٠٠

شێوەی ژمارە (٦)

درێژی و چڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠١٨




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بستن بە: خشتەی ژمارە (٦).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**باسی حەوتەم: دابەشبوونی جوگرافیی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلله هەرێمی کوردستان بەپێی ڕووبەری یەکە کارگێ ڕیەکان لە ساڵی ٢٠١٨**

لێرەدا مەبەستمانە بەراوردی درێژی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لەسەر ئاستی پارێزگاکان بکەین بە ڕوبەری یەکە کارگێ ڕییەکان، دەبینین چ ڕی گشتی ڕێگاکان (١١،٩)کم بۆ هەر (١٠٠)کم$^{٢}$ ب ڕوانە خشتەی ژمارە (٧) بەلآم ب ڕەکەی دەگۆ ڕێت لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای دهۆك زۆرترین ب ڕی هەیە واتە بە پلەی یەکەم دێت بە ب ڕی (١٣،٧)کم ڕێگا بۆ هەر (١٠٠)کم$^{٢}$هەرچی پارێزگای هەولێر بەپلەی دووەم دێت بە ب ڕی (١٣،٦)کم ڕێگا بۆ هەر (١٠٠)کم$^{٢}$ واتە ئەم دوو پارێزگایە چ ڕی ڕێگاکانیان نزیکە لەیەکترییەوە و بە پلەی سێیەم پارێزگای سلێمانی دێتبە ب ڕی (١١،٥)کم ڕێگا بۆ هەر (١٠٠)کم$^{٢}$. بەپلەی چوارەم پارێزگای هەڵەبجە دێت بە ب ڕی (٨،٣)کم ڕێگا بۆ هەر (١٠٠)کم$^{٢}$ئەم ب ڕە کەم دەبێتەوە لە ئیدارەی گەرمیان بە ب ڕی (٥،٤)کم ڕێگا بۆ هەر (١٠٠)کم$^{٢}$. ب ڕوانە شێوەی ژمارە (٧).

خشتەی ژمارە (٧)

درێژی و چڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠١٨

| پارێزگا | ڕوبەر | درێژی ڕێگا | چ ڕی ڕێگا (١کم/ ١٠٠کم$^{٢}$)* |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٥٠٨٤ | ٢٠٦١ | ١٣،٦ |
| دهۆك | ١١٠١١ | ١٥١٠ | ١٣،٧ |
| سلێمانی | ١٣٩٨٢،٨ | ١٦١٤ | ١١،٥ |
| هەڵەبجە | ٩٠٣،٨ | ٧٥ | ٨،٣ |
| گەرمیان | ٦١٢٠،٦ | ٣٣٢ | ٥،٤ |
| کۆ | ٤٧١٠٢،٢ | ٥٥٩٢ | ١١،٩ |


سەرچاوە: کاری تویژەران بە پشت بەستن بە:

هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بە ڕێوەرایەتی ڕێگاوبانی سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی پارێزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، داتای بلآونەکراوە

*چڕی ڕێگا = کۆی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل / ڕووبەری یەکە کارگێ ڕییەکان ×١٠٠*

شێوەی ژمارە (٧)

چ ڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە یەکە کارگێ ڕییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠١٨




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بستن بە: خشتەی ژمارە (٧).

(*)بریتیە لە شێوازێکی بڕی بەکاردێت لە جوگرافیای گواستنەوەدا، بەهاکەی دیاریدەکرێت بە کۆی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بۆ ڕوبەری ناوچەکە(کم/کم٢). سەرچاوە:عنبره بنت خميس بن بلال، التوگن الجغرافي للمسار الجديد في گرق الرياچ الگائف، مجله جامعه أم القرى للعلوم الآجتماعيه، المجلد الآول، العدد الثاني، ٢٠٠٩،ل٢٠٢.

**دەرئەنجامەکان**

١- هەڵکەوتەی جوگرافیی و بارودۆخی سیاسیەهەرێمی کوردستانی بەرپرسیارە لە جۆرەکانی گواستنەوە لە هەرێمەکەدا چونکە شوێنی جوگرافییەکەی وایکردووە کە گواستنەوەی ئاویی نەبێت لەم ناوچەیەدا و بارودۆخی سیاسیش وای کردووە جۆرەکانی گواستنەوە درەنگ هاتبنە ناوچەکەو تا ئێستاش گواستنەوەی شەمەندەفەر بوونی نییە.

٢-کۆنترین جۆری گواستنەوە رێگای ئۆتۆمبێلە و ئەم جۆرە گواستنەوەیە تاکو ئێستا وەك پێویستنییە چونکە تا ساڵی ٢٠١٨ رێگای خێرای نییە و رێگای سەرەکییەکانی ب ڕەکەیان زۆر نییە کەمترن لە رێگای لاوەکی.

٣- رێگا سەرەکییەکانیش بەپێی ستاندار دروست نەکراون چونکە رێگای سەرەکی دەبێت دوو سایدبێت بەلاَم تاکو ئێستا زۆرێك لەم رێگایانە یەك سایدن.

٤-لە کاتی بەراوردی ڕوداوەکانی هاتووچۆ بە ب ڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل جگە لە پارێزگای سلێمانی هەر یەك لە یەکە کارگێ ڕێییەکانی تر تا ڕادەیەك هاوسەنگی هەیە لە نێوان ب ڕی ڕێگاکای ئۆتۆمبێل و ڕوداوەکانی هاتووچۆدا.

٥--لە کاتی بەراوردی قوربانیانی هاتوچۆ (گیان لە دەستدان) بە ب ڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل هەر یەك لە یەکە کارگێ ڕێییەکانی هاوسەنگی هەیە لە نێوان ب ڕی ڕێگاکای ئۆتۆمبێل و گیانلەدەستداندا.

٦--لە کاتی بەراوردی بریندار بە ب ڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل جگە لە پارێزگای سلێمانی هەر یەك لە یەکە کارگێ ڕێییەکانی تر تا ڕادەیەك هاوسەنگی هەیە لە نێوان ب ڕی ڕێگاکای ئۆتۆمبێل و ژمارەی برینداران.

٧-سەبارەت بە هۆکارەکانی ڕودانی ڕوداوەکانی هاتووچۆ هۆکاری پێکدادان سەرەکیترین هۆکارە و هۆکاری پێکدادان بە مرۆڤ لەسەر ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەپلەی دووەم دێت و هۆکاری وەرگە ڕان بە پلەی سێیەم دێت و هۆکاری تر جیاواز لەوانەی سەرەوە کە لەسەر ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی ب ڕەکەی زۆر زۆر کەمە بەراورد بەو سێ هۆکارەی پێشتر.

٨-سەبارەت بە چ ڕی ڕێگاکان بەراورد بەژمارەی دانیشتوان چ ڕی گشتی ڕێگاکان (١)کم بۆ هەر (١٠٠٠)کەس بەلاَم ب ڕەکەی دەگۆ ڕێت لەسەر ئاستی پارێزگاکان، ئیدارەی گەرمیان زۆرترین ب ڕی هەیە واتە بە پلەی یەکەم دێت و پارێزگای دهۆك بەپلەی دووەم دێت و بە پلەی سێیەم پارێزگای هەولێر دێتو بەپلەی چوارەم پارێزگای سلێمانی دێت ئەم ب ڕە کەم دەبێتەوە لە پارێزگای هەڵەبجە .

٩- سەبارەت بە چ ڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەراورد بە ڕوبەری یەکە کارگێ ڕییەکان، دەبینین چ ڕی گشتی ڕێگاکان (١١،٩)کم بۆ هەر (١٠٠)کم$^{٢}$، بەلاَم ب ڕەکەی دەگۆ ڕێت لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای دهۆك زۆرترین ب ڕی هەیە و پارێزگای هەولێر بەپلەی دووەم دێت و بە پلەی سێیەم پارێزگای سلێمانی دێتو بەپلەی چوارەم پارێزگای هەڵەبجە دێت و ئەم ب ڕە کەم دەبێتەوە لە ئیدارەی گەرمیان.

**پێشنیارەکان**

١-گرنگیدان بە بەرەپێشچوونی هەموو جۆرەکانی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەکەدا، درووستکردنی ڕێگای خێرا لە ناوچەکەدا بەتایبەت سەنتەری پارێزگاکان بەیەکەو ببەستێتەوە و بیانگەێنێت بە وولاَتانی دراوسێی.

٢-سایدی دووەم بۆ ڕێگا سەرەکییەکان دروست بکرێت و ئەوانەشی لە ژێر کارکردندان زوتر تەواوبکرێن.

٣-هەوڵبدرێت ڕێگای نوێ دروستبکرێت بۆ ئەوەی بەکەمترین دوری ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان بەیەکترییەوە ببەسترێنەوە.

٤-لە بەر چاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان لە کاتی دروستکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لەسەر ئاستی یەکە کارگێ ڕیەکان.

٥-هۆکارەکانی ڕودانی ڕوداوەکانی هاتووچۆ ڕونتر دیاریبکرێت تاوەکو لەو ڕێگایەوە ژمارەیان کەمبکرێنەوە.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: عەرەبیەکان:**

**أ-کتێب**

١- السماك، محمد ازهر و أخرون، جغرافيه النقل، گ١، دار بن الأپير، موصل، ٢٠٠٨.

٢- گالب،جەزا توفيق، المقومات الجيوپۆلوتيكيە للآمن القومى فى أقليم كردستان عراق،گ١، مركز دراسات الآستراتيجيه، سليمانيه،٢٠٠٥.

٣- غوييه، سمير محمد، حوادپ الگرق، دار الزهران، الآردن، ٢٠٠٨.

**ب- نامەی ماستەر**

١- بن بلال، عنبره بنت خميس، التوگن الجغرافى للمسار الجديد فى گرق الرياچ الگائف، مجله جامعه أم القرى للعلوم الآجتماعيه، المجلد الآول، العدد الپانى، ٢٠٠٩.

٢- البياتى، هشام صلاح محسين،النقل فى محافقه واسگ واپره فى التنميه الآقليميه، رساله ماجستر، جامعه مستنصريه، كليه الآداب، قسم الجغرافيه، ٢٠٠٢.

٣- عبدالله، احمد صالح،أپر الگرق البريه فى نمو المستوگنات فى محافقه نينوى، رساله ماجستر، جامعه بغداد، كليه التربيه، قسم جغرافيه، ١٩٨٨.

٤- معروف، حيدر حسن، النقل البرى الداخلى و الخارجى و زياده فعاليته فى التسويق السياحى فى القگر العربى السورى، رساله ماجستر، جامعه تشرين، كليه الآقتصاد، قسم الاقتصاد و التخگيگ.

**ج-بلآوكراوه حكومييەكان**

١-أقليم كردستان-عراق، رئاسه مجلس الوزراء، وزاره التخگيگ،هيئه أحصاء أقليم، مجموعه الآحصائيه رقم (١)لسنه ٢٠٠٧، منشوره.

**دووەم: كوردی:**

**أ-کتێب**

١-دری، سالار تحسين، ژینگەی ترافيك،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٢-کەریم، ئەحمەد ڕەفیق، ناوچە داب ڕاوەکانی هەرێمی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا)،چ١، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠١٤.

**ب-نامەی ماستەر**

١- سادق، محمد زاهیر، شیکردنەوەیەکی جوگرافی ڕێگاوانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی جوگرافیا.

**ج-گۆڤار**

١-محمد، شاد حمید، ڕوداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە سێ، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٥.

**سێیەم: فەرمانگە حکومییەکان و دەزگا حزبییەکان**

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، بە ڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆ، ڕێبەری ئۆتۆمبێل لێخو ڕین، و: هەڵکەوت عبدالله، چاپخانەی حەمدی، ٢٠٠٦.

٢- هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بە ڕێوەرایەتی ڕێگاوبانی سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی پارێزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، داتای بلآونەکراوە

٢- هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی ئاماری ڕوداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨، ٢٠١٩، داتای بلآوکراوە.

**چوارەم: ئەتڵەس و نەخشە**

١- خۆشناو، هۆشیار محمد امین، هاشم یاسین حداد، سردار محمد عبدالرحمن، نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر، ٢٠٠٧، پێوەر ١:١٠٠٠٠٠٠.

**پێنجەم: سایتە ئەلکترۆنی**

١-پوختەیەك دەربارەی هەرێمی کوردستان.http://cabinet.gov.krd/